ووتاری سەرۆکی پەرلەمان، د. یوسف محمد سادق ٢٠١٦/٠٣/٢٨

ڕۆژی زانکۆی ٢٠١٥

ڕۆژی زانکۆ، وە نەریتە لە دونیادا، ڕۆژێکی کراوەیە بۆ ئەوەی زانکۆ نمایشی توانا و پلانەکانی خۆی بکات بۆ هەموان. لە ڕۆژێکی وەهادا زانکۆ دەرگاکانی والادەکات هەتا ببێتە جێگای سەرنجی هاولاتیان و بە تایبەتی خوێندکاران.

زانکۆی کۆمار لە چەند ڕوویەکەوە جێگای دڵخۆشی و دەستخۆشیە: لە لایەک کە بواری زانست و تەکنەلۆجیای کردۆتە بواری خوێندن و توێژینەوە، بە بێ ئەوەی لایەنی بونیادنانی هاولاتی و مرۆڤی نیشتیمان پەروەری پشتگوێ خستبێت. لە لایەکی ترەوە، لە ڕووی ئابوورییەوە ئەم زانکۆیە سەرمایەی کەرتی تیابەتە کە لە بواری زانستدا خراوەتە گەر.

لای هەمووتان ڕوونە کە دراوی ڕاستەقینەی ئەم سەردەمە مەعریفەیە. مەعریفە بریتیە لە ڕووبەڕووبونەوەی ئاستەنگەکان سەرەتا بە تێگەیشتنیان، پاشان بە گۆڕینیان بۆ دەرفەت. ئەمە هاوکێشەی زانست و تەکنەلۆجیا و ئابوریە. زانکۆی ڕۆڵی بەرهەمهێن و پێکەوە گرێدانی ئەم سێ پێکهاتەیە دەبینێت. سەرەتا پێداویستی و کێشە و بەربەستەکانی کۆمەڵگا دەخرێنە ژێر توێژینەوە، پاشان ئامرازی گونجاویان بۆ دادەهێنرێت، لە کۆتاییدا دەبنە بنەمای سەرمایە و بازار.

ئێستا هەرێمی کوردستان لە ساتەوەختێکی بڕیاردانەدایە: ئایا بڕیار دەدات چ جۆرە کۆمەڵگایەکی هەبێت؟ ئەوەی کە کۆمەڵگایەکی کراوە بێت کە پانتایی بەرفراوانی تیادابێت بۆ داهێنان، بۆ بوون بە هاولاتی، بۆ خۆشگوزەرانی، یان بە پێچەوانەوە دەبێتە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو و پر پێشێوی.

بڕیاردان لە سەر پرسێکی وەها چارەنوسساز، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی هەیە بە ژیانی کۆمەڵگا و ژیانی تاکەکانیشەوە لە سەر هەردوو بنەمای زانست و ئابووری وەستاوە. سەربەخۆیی ڕاستەقینە یانی بوونی توانا بۆ ڕابەرایەتیکردنی ژیانێکی سەردەمیانە کە بێ مەعریفەیەکی سەردەمیانە ئەمە دەستەبەر نابێت.

ئەگەر ئابووری و تەنانەت سیاسەتی ئێمەش لە سەر سامانی سروشتی بەندن ئەوا هەر لە ئێستاوە لە لامان ڕوونە کە لە ڕووی ئابووری و لە ڕووی سیاسیشەوە ئەستەمە بتوانین بەم شێوەیە بەردەوام بین و ژیانێکی شایستە بۆ خەڵکی کوردستان دابین بکەین. دەبێت زەمینە بسازێنین بۆ ئابووری داهێنان.

ئابووری داهێنان بریتیە لە وەگەرخستنی سامانی وولات لە پێناو زەمینە ڕەخساندن بۆ سود وەرگرتن لە سەرجەم توانای تاکەکانی ناو کۆمەڵگا بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵگا و نوێکردنەوەی. ئەمە کرۆکی ئەزمونی ئەم وڵاتانەیە کە پاش جەنگ توانیویانە بە ماوەیەکی کورت ببنە وولاتی پێشەنگ لە جیهاندا. بۆ نموونە ژاپۆن و ئەڵمانیا. ڕەنگە نموونەیەکی شایستە بێت وەک بابەتی وانەی ئێتیکی زانستی کە چۆن کۆمپانیا ژاپۆنیەکان توانیان ڕووبەڕووی سەختیەکانی ڕۆژەکانی پاش شەری جیهانیی دووەم ببنەوە و ببنە کۆمپانیای پێشەنگ لە جیهاندا.

لە هەناوی ئەم وەرچەرخان و سەرکەوتنە گەورەدا باوەر و نیشتیمان پەروەری و کارکردن بوونی هەیە. خەڵکانی ئەم وڵاتانە لە بری جەنگ لە ڕێگای زانست و بیرکردنەوە و کارکردنی بەردەوامەوە شوناسی خۆیان گۆڕی. زانست بوو بە ڕێگای نوێ بۆ نیشتیمان پەروەری و نەتەوەگەری.

زانکۆ ڕۆڵی بنەڕەتی دەبینێت لە زەمینە سازی بۆ ئابوریەکی داهێنەرانە، بەڵام لە هەمانکاتدا بازارێکی ئازاد و کۆمەڵگایەکی ئازاد و سیاسیەتێکی مرۆڤ دۆستانەش لە کۆڵەکە بنەڕەتیەکانی ئەم جۆرە سیستەمەن.

لە پەرلەمانی کوردستان دەبێت ئیمە لە ڕووی داڕشتنی پاساوە زەمینە بسازێنین بۆ کۆمەڵگایەکی لەم شێوەیە؛ دەبێت کارئاسانی بکرێت بۆ کەرتی تایبەت، بۆ ئازادکردنی زیاتری بازار، بۆ پاراستنی مافی خاوەندارێتی داهێنەران، بۆ ئازادی سیاسی و بیرکردنەوە.

گەر حکومەت و بازاری ئیمە ئەمڕۆ بە هۆی کێشە ئابووری و سیاسیەکانەوە بێ دراوە، ئەوا سەرچاوەی دراوی ڕاستەقینە زانست و تەکنەلۆجیا و توێژینەوەی زانستیە، کە هیوادارم ئێوە دەستپێشخەربن لەم بوارانەدا.

هەر شاد بن.